بەپێی کۆتا ئامار ... بەغدای پایتەخت ژمارەکی پەوانیی لە دانیشتوان لێ دەگرێتەوە

وەزارەتی پلاندانانی عێراق لە دواین ئاماریدا ژمارەی دانیشتوانی بەغدای پایتەخت ئاشکرا دەکات.

وتەبێژی وەزارەتی پلاندانانی عێراق عەبدولزەهرە هیندواوی لە ڕاگەیەندراوەکی تەلەفزیۆنیدا شاوی ڕابردوو وتی، "دانیشتوانی بەغدای پایتەخت 11 ملیۆن کەسە"، ئاماژەی بۆشکردووە، پارێزگای موسڵ کەمترین ژمارەی دانیشتوانی هەیە و هەژارترینە لەنێو پارێزگاکانی عێراقدا.

هیندواوی جەختی لێوە کردەوە کە "عێراق پێویستی بە زیاتر لە دوو ملیۆن و 500 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون هەیە، ئەمەش بگەڕێتەوە خەماندنکانی دانیشتوان".

پێشتر وەزارەتی پلاندانانی عێراق ڕایگەیاند: بەپێی ئەو خەماندنانەی کە لەلایەن نووسینگەی ناوەندیی ئامارکانەوە ئامادەکراون، خەماندنکانی دانیشتوانی عێراق بە ساڵی 2022 گەیشتە 42 ملیۆن و 248 هەزار و 833 کەس، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ساڵانەی ڕێژەی 2.5%، ئەم ئامارە ئاشکرایکرد کە ڕێژەی نێر 50.5% و ڕێژەی مێ 45.5%.